# ڕێکان محەمەد، گۆرانی گریانێك بوو لەناخمدا



هونەرمەندی لاو (ڕێکان محەمەد) لەساڵی (1994)ەوە هاتۆتە نێو دنیای هونەرەوە. خاوەنی دوو سێدیە بەناوەکانی (ئەی ئەمینم) بەرهەمی ساڵی 2004ەوە (سوپاس خوایە) ساڵی 2005 تۆماری کردووە. هونەرمەندی لاو ئێستا ئەندامی تیپی کۆراڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری مۆسیقایە، لەهەولێر بۆ زیاتر ئاشنابوون بە خۆی هونەرەکەی بە پێویستمانزانی چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین.

**پرسیار: بۆ دنیای چڕینی گۆرانیت هەڵبژارد؟**

**وەڵام/ هیواو خۆشەویستیم بۆ هونەر هەبوو، بەڵام گۆرانی گریانێک بوو لەناخمدا، نەمتوانی لەناخی خۆما بیهێڵمەوە، بۆیە بەدەنگ دەرمبڕی.**

**پرسیار: کام سێدیەت بەدڵی خۆتە؟**

**وەڵام/ سێدی (سوپاس خوایە).**

**پرسیار: کێ هاندەرت بوو؟**

**وەڵام/ هیچ کەسێک هاندەرم نەبووە بەس حەزو خولیای خۆم بوو بە هاندەرم.**

**پرسیار: خۆشەویستریت شت لە لای تۆ چییە؟**

وەڵام/ کوردستانو ئاڵاکەی کە ئاڵای خۆمەو لەلای من زۆر پیرۆزن، قەشەنگن.

**پرسیار: بەرهەمی نوێت نیە؟**

وەڵام/ بەڵێ بەرهەمێکم ئامادەیە ئەویش مقامێکە، چارەگە کاتژمێرێك دەبێت.

**پرسیار: دوایین وتەت چییە بۆ خوێنەرانو ئاشنایانی هونەرو گۆرانی.**

وەڵام/ دەخوازم بەرێچکەو هونەری کوردی هونەر پێش بخەنن.

**سازدانی/ ڕێبواری ئازادی**

# پەرۆشێکی کێشەی کوردستان



سۆفی دەمیر خەڵکی باکوری کوردستانە، لەشاری ستۆکهۆڵمی وڵاتی سویددا دەژی، ئەگەرچی کەمئەندامیشە، بەڵام لەتەواوی ئەو ڕێپێوانو کۆڕو سیمینارانەی کە سەبارەت بە کێشەی کوردستان بەڕێوەدەچن، بەشداری دەکات. ڕۆژی 17-5-2006 لەساڵیادی پەیماننامەی زەهاو کە نزیکەی 500 ساڵ لەمەوبەر لەنێوان عوسمانیەکانو سەفەویەکان بۆ دابەشکردنی کوردستان مۆرکراوە، کۆڕێك بەڕێوەچوو، سەیرم کرد دیسانەوە سۆفی دەمیر هاتووە، بە پێویستم زانی لێی بپرسم: ئەمە چۆنە لەم یادانە بەشداری دەکەیت؟!، بە زۆر دەتهێنن یان..؟!. ئەو نەیهێشت پرسیارەکەم تەواو بکەم وەڵامی دامەوەو گوتی: برا من کوردمو پەرۆشی دۆزو کێشەی نیشتیمانی خۆمم، ئارەزوومەندانە دێمو بەشداری دەکەم، ئەمە ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکە. من بەهەموو هەستێکی کوردانەوە بەشداری لەم یادو بۆنانەدا دەکەم.

# لۆردی یەکەمینی یۆرۆڤیژن



بۆ یەکەمین جار لەمێژووی پێشبڕکێی ئاوازی ئەوروپا کە بەیۆرۆڤیژن ناسراوەو زۆرترین بینەرو ئارەزوومەندی هەیەو ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێ، تیپێکی فینلاند پلەی یەکەمی بەدەست هێنا. تیپی مۆزیکی لۆردی کە ئەندامەکانی ئادگاری خۆیان لەسەر شێوەی دێوو درنج دروست کردبوو، سەرنجی تەماشاکەرانیان بەلای خۆیانەوە ڕاکێشا. لەئاکامی دەنگداندا زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناو بەیەکەم دەرچوون.

لەپێشبڕکێی ئەمساڵ کە لە ئەسینای پێتەختی یۆنان بەڕێوەچوو، 24 تیپی مۆزیکی وڵاتانی ئەوروپا بەشداریان کردبوو. سەرەتا چەندین ڕێکخراوی کۆنەپارێزی یۆنانی ناڕەزایی خۆیان لەسەر بەشداربوونی ئەم تیپە دەربڕیو بەشەیتان پەرستیان داناو دەیانویست لەپێشبڕکێیەکە دەری بکەن، بەڵام ئەندامانی تیپەکە ئەو تۆمەتەیان ڕەتکردەوەو دیاریان کرد کە ئەوان بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵك ئادگاری خۆیان وا پیشانداوە، دەنا هیچ پێوەندییان بەشەیتان پەرستانەوە نیە. شیاوی باسە پەنجا ساڵ لەمەوبەر بە بەشداربوونی 7 تیپی مۆزیکی پێشبڕکێی یۆرۆڤیژن سازکرا، ئیدی ساڵانە بەردەوام بووەو درێژەی پێدراوە. ساڵی ڕابردوو تیپێکی یۆنان پلەی یەکەمی بەدەست هێنابوو، بۆیە ئەمساڵ لەو وڵاتە بەڕێوەچوو. بۆتە نەریت تیپی کام وڵات یەکەم بێ، ساڵی دواتر لەو وڵاتە پێشبڕکێکە بەڕێوەدەچێ.

ئا: شەرمین عەباس

# ئەم ڕێویە حەزدەکات لەمرۆڤ نزیك بێ



بەگوێرەی زانیاریەکان زیاتر لە30 هەزار ڕێوی لەوڵاتی ئینگلستاندا دەژین. ئەو ڕێویانە ئازاری کەس نادەنو حەز بەنزیکایەتی مرۆڤیش دەکەن. دوایین لێکولینەوە دەریخستووە کە ڕێوی ڤولپس یان ڕێوی سوور حەز دەکات لەنزیك مرۆڤ و لە شارەکاندا بژیت، زانایان ئەم دیاردەیە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کەدێهاتیەکان ئازاری ڕێوی دەدەنو بەدزییەوە دەیانکوژن، بەڵام شارستانەکان خۆشیان دەوێنو لەماڵەکانیاندا ڕایان دەگرن. هەر لەو پێوەندیەدا دەرکەوتووە کە ئەوجۆرە ڕێویە زۆر بەخێرایی بەرەو شارەکان دێنو جێگەی خۆیان لەنێو ماڵەکاندا یان لەنێو باخچەو پارکەکاندا دەکەنەوە.

# جەنان ژنی نهێنی شا فەهد بوو



جەنان حەرب ژنێکی بەرەگەز فەلەستینی، دانیشتووی وڵاتی بەریتانیا لەم دواییانەدا سکاڵای خۆی لە دادگە تۆمارکردووەو داوادەکات کە رانیا کچی شەرعی شا فەهد، شاری کۆچکردووی عەرەبستانی سعودییەو دەبێ بەشە میراتی خۆی دەکاتە 400 ملیۆن پۆند (700 ملیۆن دۆلار) وەربگرێ. جەنان حەرب ژنێکی مەسیحی بەرەگەز فەلەستینی دەڵێ: 1968 کاتێ کە وەرگێڕی باڵیۆزخانەی فەنزیولا بووە شووی بە شا هەفد کردووەو ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە. ساڵی 1970 بنەماڵەی شا فەهد ئەویان لەعەرەبستان وەدەرناوە. ئەو تا ساڵی 1995 پێوەندی هاوسەری لەگەڵ مێردەکەی ماوەتەوە. شا فەهدی مێردی هەرکاتێ سەردانی لەندەنی کردبێت سەردانی کردووەو شەو لەلای ئەو ماوەتەوە. شیاوی باسە جەنان حەرب داوا دەکات کە (ئازمایشی دی ئێن ئا) بۆ ڕانیای کچی بکرێ، بەو شێوەیە ڕاستی دەردەکەوێ، بەڵام باڵیۆزی عەرەبستانی سعودی ئامادەنیە ئەو ئازمایشە ئەنجام بدرێ. بۆیە بەناچارییەوە پەنای بۆ دادگەی ستراسبۆرگ بردووە. داهاتوو ئەو کێشەیە دێنێتە ڕۆژەڤەوە. با بزانین چەند کەسی دیکەش دەردەکەونو هاوسەربوونی خۆیان لەگەڵ شا فەهدو میرەکانی دیکەی وڵاتانی کەنداو ئاشکرا دەکەن.

# خالۆ ئەوالکس دەڵێ



* پەرلەمانتارێکی ژن چونکە ئەندامی حزبی دەستەڵاتدار نەبوو ڕێگەیان نەدا بەئۆتۆمۆبیلەکەی خۆیەوە بچێتە ناو پارکی سامی عەبدولرەحمانی شاری هەولێر، بەڵام بەبەرچاوی ئەوەوە ئەندامی حزبی دەستەڵاتدار کە پلەیان زۆر لەو بچوکتریش بوو، دەهاتنو پاسەوانەکان فەرموو فەرموویان بۆ دەکردنو بەڕاکردن دەرگەی پارکیان بۆ دەکردنەوە. ئەگەر ئاوا ڕەفتار لەگەڵ هاوپەیمانان بکرێ، دەبێ حاڵی خەڵکی بێلایەن چۆن بێ!!!.

* سەیرە هەندێ کەس خۆیان بەڕۆشنبیرو سەربەخۆخواز دەزانن، بەڵام لەگەڵ بەڵێنی بەرپرسان بەسەما دەکەون، فریو دەخۆنو خۆیان بۆ پۆستی گەورە هەڵدەگرن. باشە ئەوان نازانن سامانی ئەم وڵاتە، پۆستەکانی ئەم حکومەتە تەنیا بۆ ئەندامانی حزبە، تا ئەو بایە لەو کونەوەش بێ هەر بۆ کوڕانی حزب دەبێ!.

* هەندێ لایەن تا شەڕی براکوژی هەبوو، بەشداربوونو لەسەنگەری شەڕی براکوژییەوە تەقەیان دەکرد، شەڕی دەستکەوتیان دەکرد، لەگەڵ دەستەڵاتدار دابوونو بەهرەمەند بوون. ئێستا کە دەستەڵاتدار بۆ خۆی ئەوانی قەبوڵ نیەو کورسیو مورسیان پێنادەن ئەوجار بۆ لای ئۆپۆزیسیۆن بادەدەنەوەو باسی گەندەڵیو نا بەرابەری دەکەن!!.

* ئای زەمانە!! ئێمەی کورد بۆ هێندە زیندوو کوژی مردوو پەرستین. کاتێ نووسەرێ، هونەرمەندێ، ناودارێك دەمرێ هەموو لایەك کۆدەبنەوە، پرسەی بۆ دادەنێنو فرمێسکی تیمساحاوی بۆ هەڵدەڕێژن. باشە ناکرێ بەزیندووی شتێکی بۆ بکرێو خۆشحاڵ بکرێ، ئاخر دوای مردن چی لەگریانو پیاهەڵدانو پارەو پوول بکات.

* پەرلەمانی کوردستان 14 ساڵ تەمەنیەتی، بەڵام هەر ساوایەو حەزی لەشتی شاراوەیە. نهێنی پارێزێکی باشە، دەیویست ئەزموونی خۆی بە پەرلەمانی تەمەن دوو ساڵەی عێراق بفرۆشێو پەروەردەی بکات!!، بەڵام پەرلەمانی عێراق کە تەنیا دوو ساڵ تەمەنیەتی، پێی گرتووە، کراوەیە، شت لەجەماوەر ناشارێتەوە. هەموو شتەکانی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاشکر دەکات.



جەبار سابیر

## هیوایەتی مەسئولەکان

کاتی خۆیو لەشۆڕشی سەردەمی شاخدا لەمێرگەپان یەکێك لەمەسئولەکان هیوایەتی شفتی ساردبووە، بەجۆرێك شەیدای بووە پێشمەرگەی لەسەر شووتی سارد پڕجنێوکردووە، ئەگێڕنەوە ئەو مەسئولە وتوێتی ئەو شووتییە ئەکەمە ئاوەکەوە گەرهاتوو لەساردیدا نەتەقیو شەققەی نەهات ئەوا دەبێت ئەو پێشمەرگەیەی هێناوێتی دارکارییەکی باشبکرێت. یەکێکی تریان لەکاتی خەوتنی پێشمەرگەکانیدا دووپشکی دەکردە ژێر بەتانییەکەیەوەو بەدیارییەوە دەوەستاو چەپڵەی لێدەداو دەیوت ئەرەوەڵڵا پێوەیدا، ئەرەوەڵڵا پێوەیدا، تادووپشکی ڕق هەستاو دەگەیشتە سەر گۆشتی روتو نەرمی پێشمەرگەی قارەمانو چزەی لێهەڵدەستانو لەشیرین خەو رایدەپەڕان. مەسئولێکی دوای ڕاپەڕینو خەباتی سەرشەقامی فێری پانیش دەزانم هیوایەتی کۆمپانیایە، یەکێکی تر هیوایەتی کچی جوانەو لەهەر فەرمانگەیەك یەك دوانێکی هەیەو یەك تۆڕی فراوانی خستۆتە گەڕ بۆ کۆکردنەوەی کچی جوانو جووت بوون لەگەڵیاندا، ئەم مەسئولە پێیوایە جاران باوی گرتنی رەبایەو فەوجو مقەڕسرییەو شتی لەو بابەتەبوو ئێستاش سەردەمی گرتن مەمکی توورتو رەقو دەست لەملانێی زۆرترین ژنو کچی بەژن زراڤە، بەجۆرێك وەك هارونە رەشید بۆ سەرکەوتن بەپلیکانەدا دەیەوێت دەست بەمەمکەوە بگرێت.

مەسئولێکی تر دەزانم هیوایەتی ترۆمبیلە تەنانەت لەم ماوەیەی پێشوودا هاوڵاتییەك لەئەوروپاوە تازەترین مۆدێلی ترۆمبیلی هێناوە کەچی ئەو پیاوەکانی ناردووە لەئیبراهیم خەلیل لێیان سەندووەو وتویانە ئەمە بۆ فلانە کەس، تۆچیت ئەم ترۆمبیلە جوانەت پێبێت دەبێت مەسئولەکەی ئێمە یەکەم کەسبێت لەکوردستاندا ئەم ترۆمبیلەی هەبێت، ئای رەحمەت....، خۆ ئەویش هەر وایدەکردو بەو جۆرە خەڵکی ئیهانە دەکرد. کاکی هەندەرانیش نەیکردبووە نامەردیو پەنای بۆمەسئولێکی دەست رۆیشتووی ئەملا هێنابوو گورج چووبوو بەهانایەوەو لێیان سەندبوونەوە چونکە وتبویان شەڕی یەکێتیو پارتی دروستدەکەینەوە گەربێتو ئەو ترۆمبیلەمان نەدەنەوە. بەرپرسێکی تر هەیە زۆر تامەزرۆی جگەرەو قاوەو مەشروبە بەجۆرێك هەموو مانگێك زیاتر لەنیو دەفتەر دۆلار خەرجی ئەو تورەهاتانەیەتی، یەکێکی تر هەیە هیوایەتی دیدارو چاوپێکەوتنی تیڤیو رۆژنامەگەرییەو پارەئەداتە بێژەری هەر بەرنامەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی ئەوەندە قسەبکاتو بیرێسێت مێشکی سەری کاکی بێژەرو ئێمەی گوێگریش بەرداتەوە.

مەسئولێکی تر دەناسم لەم شاری سلێمانییەوە ناردوێتی لەتورکیاوە کەوانتەرێکی بۆ بێت، تۆبڵێی ئەو کەوانتەرە چی بێت لەتورکیاوە بێت بۆ ئێرە؟ رەنگە هی ماڵی سوڵتان سلێمانی قانونی بێتو تورکەکان بیانەوێت ئەو میراتەی خەلافەتی عوسمانیش لەوڵاتەکەیاندا نەهێڵن، یاخود ئەشێت کەوانتەرەکەی ئەتاتورك بێتو سەرکردەکانی ئەمڕۆی دەوڵەتی تورك چاویان بەرایی نەدات بیبینن بۆیە دەیفرۆشنەوە، ئەزانن بۆچی ئەم قسانە دەکەم چونکە نرخی ئەو کەوانتەرە ئەوەندە خەیاڵییە کەئینسان کەردەبێت بەدەست لێکدانەوەو بیرکردنەوە لەنرخەکەی، چونکە بەچوار دەفتەر دۆلار کەوانتەریان بۆ کابرای بەرپرس کڕیوەو گەیاندویانەتە سلێمانی.

*jabardllopa@yahoo.com*

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

پێگەی ئینتەرنێتی

www.rojigel.tk

www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی

rojigel@hotmail.com

rpk93@hotmail.com